نەفەس سەنتوورە، سینەم ساز و دڵ نەی
وەکوو سۆفی بە زیکری تۆ هەمیشە
چ شیرینە لە گەل شەهدی حوزورا
بە سەرچوو دوور لە تۆ باخی خەیاڵات

حیکایەتخوانی دووری تۆن پەیاپەی
مەقاماتی فەنا فی الله ئەکەم طەی
لە تۆ خەندە و لە من ئاوازی ئۆخەی
نەبوونی ما، نە بۆنی ما، نە غونچەی
(ناری)

## سۆزێک بۆ برای هەمیشە زیندووم کاکە هوشیار

ساتەکانی ژیانم چەندە تاڵە بە بێ تۆ، رۆژژمێری ئەم تەمەنم چۆن تەواو کەم بە بێ تۆ. بێ تۆیی هەموو چرکەیەکی عەزابە، ئەم عەزابە بوەتە هاودەمم بە بێ تۆ. لە غوربەتدا تروسکایی دڵم بووی. لە غوربەتدا کە لام بووی، ئەم غەریبستانە وەتەن بوو بۆم. بەڵام ئێستا ئەم جیهانە نامۆیە و تاریکستانە بێ تۆ. مەرگی بابە لە گەل تۆدا شایی بوو بۆم. شینی من ئێستاکەیە بۆ بابە و لە بۆ تۆ. ئەزیزم کە رۆیشتیت و ماڵئاواییت کرد بۆ مانگێک، لە لام تەمەنێک بوو ئەمن چی بکەم لە مانگەکەنی ئەم تەمەنە رەشمە بێ تۆ. ئەتۆ چرای دەروون و دڵی شکاوم بویت. ئەمەن چی بکەم لە دەروون و دڵێ هەزار جار شکاوم بێ تۆ. برینی ئەم غوربەتە پرئەشکەنجەیەم ئەتۆ تیمارکەری بوی. ئەمن چی بکەم لە زامی ناسۆری نامویم بێ تۆ. چاوەکەم چاوەکانم چاوەڕێتن، ئەمن چی بکەم لە بینایيم کە نەتوانێ تۆ پەیدا بکات بۆم. بە دەریای خۆشەویستی تۆ هەموو قین و رقیکم ئەشورایەوە. ئەمن چی بکەم لەم هەموو شەپۆلە جەرگ برە پڕ لە قینەی کە تۆی لێسەندم ئەمرۆ. رقی پیرۆزی تۆڵەیە ئێستاکە لەدەروونمدا وەک ژیلەمۆ ئەمسووتێنێت، کاتێک کە تینی سەند چەند بێبەزەیی بێ بۆ ناحەزان و دوژمنانی تۆ. ئەمن ئیستا وەکوو دەروێش بە یادی تۆ، زیکر ئەکەم، کە حاڵم لێهات ئەبێ دنیا هەموو گەڕکەم لە بەر نەبوونی تۆ. ژیانم دەردە و برینم قووڵە ئەزیزم مەگەر تەنیا هەستی تۆڵە بێت ساڕێژی بکات زامی ناسۆری بێ تۆییم ئەمرۆ. گەرچی دڵت تەنیا خۆشەویستی تێدا بوو، گەرچی وشەی بوغز و رق و توندوتیژی نامۆ بوو بۆ مێشک و بیرت. گەرچی خەبات لە پیناو ژیانێکی بەختەوەر دروشمت بوو. گەرچی تەنیا لە بیری خۆبەختکردن بۆ هاوزمانت بووی. بەڵام چی بکەم کە هەر ئەو هاووڵاتیەت بوو بە بی رەحمی تیری بۆ سینگت داباری.
ئەبێت کەی بێت ئەو رۆژەی وشەی (خەیانەت) نامۆ و نەشاز بێت لە فەرهەنگی زمانی هاونیشتمانیمان؟! ئەبێت کەی بێت پڕ بەدڵ بڵێین (ئۆخەی) ئەمجارەیان داگیرکەران تەنیان بە بێ کورد وان لە سەنگەردا لە بۆمان؟! ئەبێت کەی بێت هەموو رەنگە جیاوازەکانی نێو خەباتی رزگاریخوازی گەل و نیشتمان هەموو هەڵگری پەیامی سەربەخۆیی بن بۆ کوردستان بێ جیاوازی و خۆکوژی؟! ئەبێت کەی بێت گیانی هاوکاری لە نێو هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان وەکوو هەناسەدان پێویست بێ بۆ بەردەوامی ژیان ؟! ئەبێت کەی بێت ئەو رۆژەی ئەوانەی ئاودێری تۆوی ناکۆکی و براکوژی بوون لە لایەن هەموان نەفرین بکرێن و ئیتر چیدی ئەم مێژووەمان لە ناو بازنەیەکدا نەسورێتەوە و هەنگاوێک بەرە و پێش بنێن. ئەبێت کەی بێت ...

دانا عوسمان